# لێرەم هەر من بەبێ خۆم!

**بەختیار کەریم**

(تەنهایی) ئەی خۆشەویسترین هاوڕێم
لێگەڕێ با ئەم شەو لەدووی خۆم بگەڕێم
ئەو خۆمەی بە منالی
لەسەر جولانێی قەد دارهەنجیرێکی هەرزەکار لەیادمکرد
خۆم کە لە یەکەم لگاو بە قومارچییەکی قۆشمەبازم دۆڕاند
خۆم کە لە یەکەم وێستگەی چاوەڕوانی
تەنها تەنها جێمهێشت و
گەلۆر گەلۆر گەڕامەوە
خۆم کە لە دێڕی شیعرێکدا خەوبردیەوە و
سەرنەپەرژام وەئاگای بهێنمەوە
لێم بووە پاڵەوانی چیرۆکێک و بە کۆتایی ڕازینەبوو
لە حیکایەتێکی ناکۆتادا هێشتا
منالانە گوێقولاخی بەسەرهاتەکانە
لە یەکەم شەونوێژدا، لە ڕکاتی سیازدەهەمیندا
لە حوزوور خوادا دەمی بوو بە تەڵەی تەقیوو
سەدەیەک گوزەراو هێشتا نەچەمیوەتەوە بۆ ڕکووع
خۆم کە هێشتا لە تەیرفرۆشێک دەپاڕێتەوە
خورماخۆرەیەکی بە هەرزان پێ بفرۆشێت
خۆم وەک بلێی هەنگی لە کلۆرەدارا دۆزیبێتەوە
ئالایە پرچی کیژێک و لە ژوورە نسرمەکەی خزا
تازە بە تازە خەریکە شووڵی لێهەلکێشێت و ماچێکی بکات
خۆم خەوقورسانە لە شەیتانە خەونێک درەنگ وەئاگاهات
هەزاران گوزەرووشەی[1] لێدا و نەیتوانی بگەڕێتەوە ناو جەستەم

---

[1] گوزەرووشە واتا پاسۆرد

**خۆم وای لە خۆم**
**چاوم لێیە ئێستاش لەسەر دیلانێی منالێی**
**لە ژیان دەپارێتەوە پالێکی تووندی پێوەنێت**
**یەخە بە بەرگدروویەکی درۆزن دەگرێت و دەلێت**
**گەر جلەکانی فریای جەژن نەخات**
**دۆعای ڕەشی لێدەکات**
**کڕنووش بۆ زڕەهەنجێر دەبات دەمی کەسکونی شیرین بکات**
**داوێنی ئەهریمەن ڕادەموسێت تەمەنی فریشتە درێژ بکات**
**لەژێر تاوە تەرزەدا**
**هاوار لە گەلا وەریوەکان دەکات**
**داپپۆشن و لە زستانی تەنهایی بشارنەوە**
**بە خۆڕەی چەم دەلێت گەر گوێ بۆ خەونی منالێم نەگریت**
**گوێیەکانمت بەسەردا دادەخەم**

**وای لە خۆم وای**
**لە نیشتیمانم تەنهاتر، لە منالێم هەتیوتر**
**بە نەورەس دەلێت لێگەڕێ برادەر ئەم هاوینە سەفەر مەکە و**
**باوەشێنی برینەکانم بکە**
**منالانە دەخوازێت لەقلەق هەلخەلەتێنێت و**
**پەیمانی سالێکی خۆشی پێ دەدات گەر سەفەرێک لەگەلّ خۆی بیبات**
**لە ئەسپە یالّ زەردەکان دەپرسێت کامتان دەبێتە باوکم؟**
**باوکێکم دەوێت لە زریان خێراتر**
**مالە قوڕەکان، خانوە مەڕمەڕەکان و کۆشکە شووشەکان تەی دەکات**
**خەندەیەکی منالانە لەسەر لێویەتی و شەلالی گریانە**
**دەلێت کێ هەلم دەگرێتەوە؟ سۆراخی دایکێک دەکەم لە کازیوە میهرەبانتر**
**خۆم لە بانیژەی منالێییەوە لێم دەڕوانێت و دەلێت**
**حەیفێ نایەم لەگەلت**
**سەفەرت خێر هاوڕێی گیانی بە گیانیم**
**تۆ بڕۆ و خاتر جەم بە**
**من لێرە لە ڕەزەکانی منالێی بێ شەرابت ناکەم**
**بڕۆ و دەستت بکە سەرین**
**من لێرە خەونەکانی تۆ دەبینم و شیعرەکانت دەژیم**
**بڕۆ هاوڕێ بە ئومێدی دیدار**

مەخابن لەگەڵت نایەم
ئەفسوس نایەم لەگەڵت
جێی داخە هاوسەفەرت نابم

بەیانی بوو کێڵگەکان چوڵ و بێدەنگ
لە ناو پەڵەیەک گەنمی کورتەبالآدا
خۆمم بە چیرۆکی کولەیەک سپارد
کە دەیگووت گەر باڵەکانی نەشکێنین
بەهارێک دێت سەرجێی لەگەڵ
هەموو گوڵەگەنمەکان دەکات
شەوێک بوو شەوی یەڵدا
لە مۆزەخانەی ژانەکانی وڵاتێکی سەرشیندا
خۆمم لە ڕەنگی هاوڕێیەکی نیگارێشدا
بە فڵچەی سیریالیانەی ئەو سپارد
من بێڕەنگ دزەمکردە ژیانەوە
تەنها من بەبێ خۆم
سوبحێکی زوو بوو ئێجگار زوو
خۆمم بەئەمانەت لای شمشاڵی شوانێک گلدایەوە
سپاردم بە بۆنی گەڵای گوێز و
شووشەی گیایی عەتری ڕەشەڕێحانە
بەڵێنم لە باخچە وەرگرت
گەر خۆم بکەمە ئاودێری گۆڵەکانی
هاوینی قەرتاڵەیەک ترێ و
بەهاری چەپکێک نێرگز و
پاییزی باوەشێک گەڵای وەریوو و
زستانی سنەوبەرێکی تەڕی پێ ببەخشن

وای لە من وای
ئێستا لێرەم هەر من بەبێ خۆم
شێواو دەڵێی زەڕنەقوتەم و لە چنگی پشیلە هەڵهاتووم
پەشێو وەک پەچەی نێو جەرگەی تۆفان
ڕەش ڕەش چون عەبای بێ پیرەژنی دەم ڕەشەبا
کیشوەر دوای کیشوەر لەدووی خۆم تەی دەکەم
ئێستا من لێرەم بەبێ خۆم

**ئاڵۆزکاوم وەک کەزییەی دایکم لە ڕۆژێکی ڕەشەبادا**
**نوشتاومەتەوە وەک پشتی باوکم لە حوزوور خوادا**
**کاڵ بوومەتەوە کاڵ**
**وەک ڕەنگەکانی تابلۆی بێنازکەوتوی هاوڕێ نیگارکێشەکەم**
**تازە من وا سوک و ئاسان خۆمم بۆ نادۆزرێتەوە**
**هەواڵێک لە خۆمەوە نایەت**
**نە خۆم نالی و نە من سالم**
**تا بە بادی خۆشمروردا نامەیەکم بۆ بنێرێت**
**لێرەم**
**هەر**
**من**
**بەبێ**
**خۆم**

**زستانی** 2004
OXFORD, ENGLAND